کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# سەرنجێک و چەند پێشنیارێک بۆ سەرجەم ڕێکخراوی ئافرەت ، ژنان وخوشکانی کوردستان

لە 7.4.07 دا کارەساتێکی ویژدان هەژێنی وا ڕوویدا ، کە تەنیا بەردی نەهێنایە قسە، چونکە بەرد بەشداری ئەنجامدانی ئەو کارەساتە نامرۆییەی کرد. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، پێش ئافرەتان و ژنان ، ژمارەیەکی زۆری بەرچاو لە پیاوانی بە ئەمەک ڕسوای ئەو کارەیان کرد و هەر کەسە لە ئاست خۆیەوە بە شێوازێک گووزارشتی لە و کارەساتە کرد. ژمارەیەک کەمی ئافرەتانیش توانییان بە نووسین دڕندەیی پیاوانی قین لە دڵ ڕسوا بکەن، بەڵام بە داخەوە ژمارەیان کەم بوون.
گەر ڕێکخراوی ئافرەت ، ژنان و خوشکان بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی ڕەگەزی مێینە هاتبنە کایەوە، ئەی دەبێت لەوە پێشیل کردن و سوکایەتی کردن بە ڕەگەزی مێ و بە مرۆڤایەتی دەبێت چی بێت؟. دەبوایە ئەو ڕێکخراوانە بەر لەهەموو ڕێکخراوێکی تری مرۆیی ڕسوای ئەو کارەیان بکردایە.
لە پێناو بە زیندوویی هێشتنەوەی ڕۆژی بەرد بارانی ئەشق و ڕۆژی لەخاچدانی ئازادی لە کوردستان پێشنیاری ئەم خاڵانە دەکەین، بەو هیوایەی هەرچی ڕێکخراو و مرۆڤی ئازادی دۆستە، دەنگیان بخە نە پاڵ دەنگمان.

1 / دابەزینی ئاڵای کوردستان تا نیوەی لە سەر هەموو دام و دەزگایەکی فەرمی هەرێم، بۆ ماوەی 3 ڕۆژ ، وەک دانانی پرسە و ماتەمینی بۆ گیانی خاتوو دوعای شەهیدی ئەشق.

2 / دەرکردنی بەیاننامەیکی فەرمی لە پەرلەمانی کوردستانەوە، بۆ ڕسواکردنی ئەو کارە و ناساندنی ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی ئەوین لە کوردستان.

3 / کردنی ڕۆژی 7 ی نیسان لە سەرتاسەری کوردستان بە پشووی فەرمی لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانەوە، تاوەکو وەک یاد کردنەوەیەک لە هزری هەر مرۆڤیکی کورددا بمێنێتەوە.

4 / دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە مافی ڕەگەزی مێ لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، تاوەکو سەرەتایی ترین و ئەو پەڕی ئازادی ڕەگەزی مێ بپارێزێت و ببێتە سنوور دانانێک بۆ کەم کردنەوە و گەر بکرێت نەهێشتنی توندی تیژی دژی ڕەگەزی مێ.

5 / دروست کردنی پەیکەرێک لە یەکێک لە گۆڕەپانەکان یان باخچە گشتییەکانیی شارە گەورەکانی هەرێمدا و ناونانی بە پەیکەری خۆشەویستی. بۆ نموونە لە بەر دەرگای سەرەکی پارکی ئازادی لە سلێمانی . وەک بیرۆکەیەک، پەیکەرەکە بریتی بێت لە لاشەی کیژۆڵەیەک کە لەسەر زەوی کەوتبێت و بە قژ لە لایەن پیاوێکەوە ڕابکێشرێت ، کیژەکە ڕووی بە ئاراستەی خۆر هەڵهاتنەوە بێت و لەسەر دڵییەوە بێچوە کۆترێکی نەخشین هەڵبفرێت.

6 / چاندنی نەمامێک لەهەریەک لە باخچە گشتیەکانی شارەکانی هەرێمدا، ناونانی بە داری ئەوین و دانانی پلێتێک لەبەر دەم نەمامەکەدا، تاوەکو لەسەری بنووسرێت، کە بۆ ئەو نەمامە چێندراوە؟ تاوەکو هەتابێت، ئەو نەمامە گەورە ببێت و ببێتە دارێک و ڕەگ دابکووتێت بە ناخی زەویدا و ببێتە هێمای بەرەنگاری بۆ دژایەتی کردنی توندی تیژی لە دژی ڕەگەزی مێ.

7 / کۆکردنەوەی هەموو ئەو بابەتانەی کە لەلایەن ڕۆشنبیرانی پیاو و ژنەوە نووسراون لە دوو توێی پەڕتووکێکدا، تا وەک دۆکیۆمێنتێک بمێنێتەوە، بۆ بە زیندووی ڕاگرتنی شەهید بوونی خاتوو دوعا.

8 / ناوونانی گۆڕەپانێک یان شەقامێک لەهەر یەک لە شار و شارۆچکەکانی شارەکانی هەرێمدا، بە ناوی خاتوو دوعاوە، یان بە ناوی ( ئەوین ) ەوە.

9 / ڕاپێچانی هەموو ئەو کەسانەی کە بەشداری ڕۆح کێشانی خاتوو دوعایان کردووە و لەئاپۆڕی گیان دەرچوونیدا هۆتافیان دەکیشا، بۆ بەردەم دادگا، تاوەکە سزای ڕەوای خۆیان وەربگرن و ببنە پەند بۆ خەڵکانی تر. هەموو ئەوانەی کە ڕقی خۆیان خاڵی کردەوە و بەردو بلۆکیان بە جەستەی ئەو نازدارەدا دەدا. ئەو کەسانە، زۆر بە ئاسانی لە فلیمە بڵاوکراوەکاندا دەبیرێن و دەناسرێنەوە.

10 / سازدانی چەند کۆڕ و کۆبوونەوەی لە سەرتاسەری شارەکانی هەرێم و لە دەرەوەی وولات، بە تایبەتی گەماییندەی کوردی لە هەندەران، تاوەکو ئەو کارەساتە نامرۆییە زیاتر ڕسوا بکرێت و ڕای لەسەر بووترێت.

11 / کردنی ڕۆژی 7ی نیسان ، بە ڕۆژی ڤالانتاینی کوردان ، تاوەکو بۆ هەتا هەتایە لە هزری تەواوی کچان و کوڕانی کورد دا ، یادی بەرد باران کردنی ئەشق بە زیندوویی بمێنێتەوە .

هیواداارین لەسەر ڕووپەلی ماڵپەڕە کورددیەکان کەمپین بۆ ئەو بە ئەنجان گەیاندنی ئەو خاڵانە بکرێت، گەرچی کەمین بۆ چەند کارێک کرا، کە سایەنی کەمین نەبوون، پێمان وایە ، ئەو کارەساتە زۆر لە کەمین زیاتر هەڵدەگرێت.

سەرنج : بەکارهێنانی ڕەگەزی مێ، بۆ خۆلادانە لە دووبارە کردنەوەی ئافرەت، ژنان، خووشکان، چونکە هەر پارتێک ناوێکی لە ڕێکخراوەکەی خۆی ناوە.

ڕزگار گوڵەباخ و کانی هەڵەبجەیی
29.04.2007